# فەلسەفەی قوڵایی



زەردەشت حەمە صاڵح

مرۆڤەکان زۆر جار ئەپاڕێنەوە بەدەست بێدەسەڵاتییەوە ئەناڵێنن، بەڵام تۆبڵێی هەر ئەو مرۆڤانە ئەگەر دەسەڵاتدار بن بیری بێدەسەڵاتی خۆیان بمێنێت، یاخود ستەمکارن‌و گوێ بەهیچ نادەن بێجگە لەبەرژەوەندیەکانی خۆیان؟ دەبا پێکەوە چاوەکانمان لەم بەسەرهاتە وەهمییەدا بگوزەرێنین، لەکۆتاییدا بزانین ئایا ئەو بەسەرهاتە لەژیاندا واقع و راستییە یاخود هەر وەهمە؟ دواجار گوێم لێبوو حیکایەتخوانەکە هیچ پێشەکییەکی بۆ چیرۆکەکە نەووتوە، یەکسەر کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەو وتی گوێم لێبوو:

ـکە دەستی بۆ درێژکردم زوو دەرچووم، خۆ دەشمزانی دەستی بەرم ناکەوێت، بەڵام هەر حەزم بەچارەی نییە.. پاش وەستانێکی کەم توتی وەڵامی دەداتەوە:

گەرچی ئەوان هەرکاتێك بیانەوێت ئێمە ئەگرن، بەڵام ئەوەندەی بتوانین لێیان هەڵدێین، چارەنوسیشمان وایە ئەبێت لەگەڵ ئەم زیندانەدا هەڵکەین، کە هەر چواردەورمان لێدیارەو بۆمان نییەو ناشتوانین ئەو سنورە تەسکە ببەزێنین.

دایە وەرە سەیری توتی و کۆست کەوتوەکە بکە، پێکەوە بەدەوری مەرجانەکەدا دەسوڕێنەوەو قسەدەکەن، خۆزگە دەمزانی باسی چی دەکەن.. دایکی حەمە واز لە شوشە سڕین ئەهێنێت و بۆ پشوو دانێك دێتە لای حەمەو دەڵێ:

ـ کوڕم دورنییە باسی ژنهێنان نەکەن و بیانەوێت ژیانێکی نوێ بۆ خۆیان بخوڵقێنن.. بڕوا ناکەم دایە تۆ بڵێی توتی شوی پێ بکات؟ کوڕی من بۆ بڕواناکەی ئەو جەرگ سوتاوە قۆزەو دوای ئەوەش تەمەنیان بۆ یەك ئەگونجێت، رەحمەتیی باوکیشت لەم مەسەلانەیا زۆر زیرەك بوو، بەڵام ئەو زۆرداره بێویژدانانە بەناحەق کوشتیان.. حەمە خێرا هەڵدەداتێ و دەڵێت دایە من مەبەستم ئەوە نەبوو، مەبەستم لە جیاوازیی کلتوریانە، ئەم کلتوری جۆرێکەو توتیش جۆرێکی تر.. کوڕم هیچ شتێك لەخۆشەویستیدا ناخوێنرێتەوە، تەنانەت ئەگەر دوژمنایەتیش لەنێواندا بێت.

حەمە و دایکی بەردەوام بوون لەقسە کردن.. توتی بەکۆست کەوتوەکەی وت: تەنیا ئاگات لێیە چۆن سەیرمان دەکەن، تۆ سەیریان بکەو لێیان بڕوانە چاویان بخوێنەرەوە، بڕوا ناکەم لەگەڵت خراپ بن، ئەوەی کە ڕویداوە ئەوانیش حەزیان پێنەکردووەو بە ئەنقەستیش نەبووە، دوای ئەوەش ئەوان دەسەڵاتدارن و بمانەوێ و نەمانەوێت ژیانمان لەبەر دەست ئەواندایە..

تەنیای کۆست کەوتوو ئەوەندە پەست بوو دەتگوت ڕۆژی ڕووداوەکەیە، ڕووی کردە توتی و چاوەکانی بەچەند سانیەیەك پێش دەمی کەوتنە قسەکردن و ئاهێکی قوڵی هەڵکێشاو وتی:

– توتی گیان دەزانم، بەڵام بەدەست خۆم نییە خۆشم ناوێن، بەتایبەت ئەو هەتیوەیان ئێمەی کردووە بەمەخسەرەی هەموو دنیا، هەرجارەو چەند کەسێك لەگەڵ خۆی دەهێنێت وسەیرمان دەکەن و دەکێشن بە شوشەی زیندانەکەداو ئەیانەوێت سەمایان بۆ بکەین، گەرچی سەمایان بۆ ناکەم بەڵام ئەوان بەسەمای تێدەگەن، ئەوان فرمێسکەکانی من نابینن... بۆ ئەوەی ئەوەندەی تر زامەکانی تەنیا قوڵ نەبنەوە، توتی قسەکانی پێ بڕی و وتی:

ـ باپێکەوە بچین بۆ لای مام قەوقع.. نا توتی گیان تۆ بڕۆ من کەمێك دەگەڕێم دوایی یەکتر دەبینینەوە.. لە چاو تروکانێکدا توتی گەیشتە لای مام قەوقع و دوای سەلام کردن پێی وت:

ئەرێ مام تۆ پێش من تەنیات ناسیوەو لێرە بووی تەنیا زۆر بێزارەو نازانم چۆن ئەو ئازارەی بیر بەرمەوە، هاتووم بۆ لای تۆ تا ڕێگا چارەیەکم نیشان بدەیت؟ مام هاتە قسەو وتی:

– زامەکەی تازەیە ئەگەر لێی گەڕێی وردە وردە کۆن دەبێت و بیری دەچێتەوە... ئاخر مام من ئەمەوێت بەزووترین کات لەو بارە گرانەی کە لە سەر دەروونییەتی ڕزگاری بێت.. باشە توتی تۆ ئامادەی شوی پێ بکەی تا ئەو ئازارەی لەکۆڵ بێتەوە؟

توتی کەوتە خەیاڵەوە، دوای کەمێك وەستان مام پێی وت:

– ئەڵێی حەزی پێناکەی؟

وەڵامی دایەوەو وتی:

– باشە من رازیم بەس ئەبێت تۆ پێی بڵێیت.. مامیش بەوەڵامەکە دڵخۆش بوو، وردە وردە توتیی جێهێشت و بەناو سەوزاییەکاندا دەگەڕا بینی کە تەنیا لەناو کونێکی مەرجانەکەدا وەستا بوو، بەسەر ئیشارەتێکی بۆ کرد کە نەڕوات ئیشی پێیەتی، تەنیاش بەرەو روی هاتوو بەر لە مام سەلامی کردو وتی:

– فەرموو مام قەوقع وابزانم کارێکت پێم هەیە.

مامیش وتی:

– خوا لەخێری دەرنەکات، بەڵێ من ئەمەوێت پێت بڵێم کە ژیان چەند لەگەڵی بجەنگی هەر ئەتبەزێنێ و تۆش جارێك گەنجی و حەز ناکەم تەمەنت بەتەنیایی بڕوات، بۆیە ئەمەوێت پێت بڵێم کە توتیم بۆ رازی کردویت و ئەویش حەزئەکات نابێت لەقسەم دەربچیت و ئەبێت بیهێنیت. تەنیا هەر لەنیوەی قسەکانی مامدا دەیزانی مەسەلەکە چییە، کەمێك بەخەیاڵدا رۆی، لەوە گەیشت کە مام بەرژەوەندیی ئەمی ئەوێت، بۆیە بڕیاریدا کە ژیانێکی نوێ بۆ خۆی دروست بکات و توتی بکاتە هاوژیان و هاوسەری خۆی.. مام زۆر دڵخۆش بوو گەڕایەوەو بە توتی وت: پیرۆزە.

ئیدی توتی و تەنیا پێکەوە کەوتنە کەیف و سەما و یاری، ئەو شەوە تابەیانی پشوویان نەدا، توتی بەتەنیای وت: ئیتر نابێت ناوی خۆت بنێی تەنیا، دەبێت بگەڕێیتەوە سەر ناوەکەی خۆت کە دیسکاسە.. تەنیاش وتی:

– دڵنیابە، توتی گیان گەر تۆ نەبویتایە چیتر بەرگەی ئەم ژیانەم نەئەگرت، سبەی لای ئێوارەکەی ئاهەنگی گواستنەوەکەمان ئەکەین، مامیش ئەبێت لەلامان ئامادەبێت.. زۆر چاکە.

بەیانی لەسەر مێزی نانخواردنەکەیان حەمە بەدایکی وت: دایە ئەمڕۆ ئەو ماسیە کۆست کەوتوە ئەیەم بە ماسییەکی کەناس، چونکە لەوەتەی ئەو حەوزەم پاککردۆتەوە ئەو ماسیە مێیەی کە بوو بەژێر بەردەکەوەو مرد، لەوکاتەوە ئەم نێرە کۆست کەوتووەش نەخۆش کەوتووە.. دایکی بەدەم چا خواردنەوە وتی: کوڕم خۆت حەز بەچی ئەکەی ئەوە بکە، بەس پێم بڵێ ماسی کەناس چییە؟ جۆرە ماسییەکە هەمیشە دەمی ناوە بەحەوزەکەوەو پاکی دەکاتەوە، بۆیە وای پێ دەڵێن. دوای ماوەیەکی تر دەچم بۆ لای ئازادی ماسی فرۆش و چەند جۆرێك ماسی لێدەکڕم.

توتی و تەنیا ئەو شەوە تا بەیانی خەریکی سەماو یاریکردن بوون بەناو سەوزایی و کون بەکونی بەردی مەرجانەکەدا پێش و دوای یەککەوتبوون سەروخواری حەوزەکەیان بە دەیان جار کردبوو، بڕیاریاندا کەمێك پشوو بدەن بۆ ئەوەی ئێوارە بیکەنە بەزم و خۆشی، تەنیا بەتوتیی وت:

بچۆ بە مام قەوقع بڵێ با ئێوارە بێتە لای گیای کریبتۆن ئامادەی ئاهەنگ گێڕانەکەمان بێت.. توتیش زوو چووە لای مام و پێی وت.

پێش نیوەڕۆ حەمە بەشەبەکەیەك تەنیای گرت و خستیە ناو شوشەیەکی بچوك و بردی بۆ گۆڕینەوە، توتی لەو کاتەدا نەیدەزانی چی بکات و چەند جارێك خۆی خستە ناوشەبەکەکەوە، بەڵام حەمە هەر بەریدەدایەوە، حەمە لەوە نەئەگەی کە توتی بۆ خۆی دەخستە ناو شەبەکەکەوە، بەڵام مەبەستی توتی ئەوە بوو کە ئەیویست جارێکی تر تەنیا تەنیا نەبێتەوە، بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود بوون. نیوەڕۆی لێهات توتی لەخەیاڵێکی قوڵدا دەژیا مام قەوقعیش بەدیاریەوە حەپەسابوو، چەند خولەکێك بەو شێوەیە رۆی، توتی لەخەیاڵ دەرپەڕی و دایە پڕمەی گریان و زۆر بەخێرایی خۆی

بەشوشەی حەوزەکەدا دەکێشا هەتا هێزی جەستەی لێبڕا، ئیدی بە ناچاری کەوتە قسەکردن و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو بەمام قەوقعی وت:

– بڕیار بوو ئێوارە ئاهەنگ سازبکەین، کەچی ئەو کەسە ئێسك قورسەی کە تەنیا هەمیشە لێی خۆش نەئەبوو لێی کردین بەشین، خۆزگە دەمزانی ئێستا حاڵی چۆنە، تۆ بڵێی تەنیا ئەمجارە ئەمە قبوڵ بکات؟

مام بەبێ دەنگی بەرامبەر توتی وەستابوو هیچی بۆ نەدەوترا، توتی کەوتەوە قسەو وتی:

– دڵنیام قبوڵی ناکات، ئای تەنیا دواجار منیشت تەنیا کرد، ئەو هەموو یادگاریە چی بوو لەوماوە کورتەدا بۆ منت جێهێشتن، ئەزانی مام دوێنێ ئێوارە تەنیا چیی ئەوت؟

مام بەسەر لەقاندن پێی وت:

– وتی چی؟

توتی لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو وتی:

تەنیا ئەو ئێوارەیە زۆری برسی بوو وتی:

– نەگبەتی من لەوەدایە ئەبێت چاوەڕوانی دەستی یەکێك بم کە تەنیای کردووم، وتیشی ئەزانی توتی گیان ئێمە لە هەموو گیاندارێك لەخواردندا جیاوازترین..

– چۆن؟ بەوەی کە ئێمە تەنها بونەوەرین لەئاسمانەوە خواردنمان بۆ دێتە خوارەوە..

توتی کە قسەکانی دەگێڕایەوە لەپڕ دەنگی بەرزکردەوەو وتی: لەمەولا قبوڵم نیە کەس بەناوی پێشووتر بانگم بکات، منیش ناوم تەنیایە.

حیکایەتخوانەکە بەدەنگێکی جیاواز لەگێڕانەوەکە بەوانەی کە گوێیان لێگرتووە وتی:

– ئەمجارە نابێت بڵێین توتی، چونکە ناوی خۆی گۆڕی و پێی خۆشە بەتەنیاخان ناوببرێت.

تەنیاخان (مام)ی جێهێشت و زۆر بەلاوازی کەوتە ڕێ.. مامیش هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی:

– ئاخ چارەنوس کە پارتیزانێکی ئازای بەهەموو کەس دەوێری.

ئێوارەی لێهات تەنیاخان لەناو گیاسێوەکاندا دەگەڕاو غەرقی خەیاڵ بووبوو، هەستی کرد کە کەسێکیان لەبری تەنیا هێناوە، بۆیە چوو بۆ لای مام و پێی وت:

– باچین بەخێرهاتنی بکەین و بزانین کێیە؟ هەردووکیان پێکەوە کەوتنە ڕێ و گەیشتنە لای ئەو ماسیەی کە تازە هاتبوە ناو حەوزەکەیان..

تەنیاخان لێی وردبۆوەو وتی:

– ئەمە بە تەنیاگیان گۆڕدراوەتەوەو حەتمەن ئاگای لێبوەو کە گۆڕیویاننەتەوە.

– ئەرێ کاکە بەخێربێی من ناوم تەنیاخانەو ئەمیش ناوی مام قەوقعە، ئەی جەنابت ناوت چییە؟

بەبێ ئەوەی رویان تێبکات وتی:

– من ناوم کەناسە هاتوم بۆ ئێرە هیوادارم بتوانم هەمیشە ئێرەتان بۆ پاك بکەمەوە، چونکە ئەوە ئیشمە.. تەنیاخان وتی: ئەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟ کەناس وتی بڵێ بزانم.. تەنیاخان چاوەکانی ورشەیان دەهات و وتی: کە تۆیان هێنا بۆ ئێرە کەسیان هێنا بۆ لای ئێوە؟ بەڵێ دیسکاسە شین.. ئا ئا خۆیەتی مام گوێت لێیە؟ ئەی توخوا وەزعی چۆن بوو؟ هەر کە هێنایان بۆ لای ئێمە کەوتە

سەماکردن و زۆر بەخێرایی بە هەموو حەوزەکەدا ئەهات و ئەچوو بەجۆرێك کە سەرنجی هەمومانی ڕاکێشا، زۆر ئازا بوو هەستی بەماندووبون نەدەکردو سەمایەکی جوانی بەبەردەوامی دەکرد، بەهێواشی شتێکی بۆ من باسکرد کە بەیەکێك بڵێم، بەڵام بەداخەوە پێی دەچێت ئەو یەکە لای ئێوە نەمابێت.. تەنیاخان بەپەلە هاتە قسەو وتی:

– یەعنی دڵی خۆش بوو؟ بواری نەدا بۆ وەڵام جارێکی تر بەتوڕەییەوە وتیەوە یاعنی دڵی خۆش بوو ها؟ بەڵێ دڵی خۆش بوو، بەڵام مەبەستی هەبوو لەو دڵخۆشیەی.. ئەی ئەو کەسە کێیە کە شتێکی بۆ باسکردووی تا پێی بڵێی؟ ئەو بەمنی وت توتی، بەڵام ئەم ناوە لای ئێوە نیە.. با با قسە بکە من توتیم لەدوای ڕۆشتنی ئەو ناوی خۆمم ناوە تەنیاخان..

– داوای لێبوردن ئەکەم نەمزانی جەنابتی، ئەوەی ڕاستی بێت پێی وتم بۆیە سەما دەکەم و خۆم بەدڵخۆش نیشان ئەدەم هەتا خاوەنەکەم پەست بێت و پەشیمان بێتەوە لەوەی کە منی گۆڕیوەتەوە، هەروەها وتی ((بەتوتی بڵێ ئازا بێت و خۆراگر بێت، من کارێك دەکەم کە ئەو هەتیوە بمگێرێتەوە)).

حەمە لەگەڵ دایکی خەریکی نانخواردن بوو بەدایکی وت:

– دایە ئەزانی کۆست کەوتوەکە لەوە ئەچێت لەداخی مردنی ژنەکەی لێرە بێزار بوبێت، چونکە لەوێ نەدەوەستا کەوتبوە یاریکردنێك هەر مەپرسە، ئەمڕۆ ئەچمەوە بۆ لای ئازەی ماسی فرۆش ئەگەر بزانم هەر وایە ئەیهێنمەوە..

– باشە کوڕم تۆ گۆڕیوتەتەوە عەیبە وەریگریتەوە.

– نا دایە من چی بڵێم ئازەی ماسی فرۆش ناڵێت نا.. ئاخر کوڕم باوکی ڕەحمەتیت باش بوو لەگەڵیدا..

– هەموو جارێك لەبەرچاو خەڵکی باسی چاکیی باوکم ئەکات و ئەڵێ ڕووی زەمانە ڕەش بێت لەسەر پارە کوشتیان.

تەنیاخان لای بەردی مەرجانەکە بوو، هەستی کرد کە ماسییەکیان هێنایە ناو حەوزەکەوەو لەپڕ گوێی لە هەلهەلەی مام قەوقع بوو..